# تیشکی سەرتەختەیەکی خامۆش



کامەران سوبحان

چیخۆف لە سەر زمانی ڤاسیلیەوە دەڵێت" ئەی خودای مەزن ئێستا ودوای چل و پێنج ساڵ لەسەر تەختەی شانۆ هەست بە کزی تیشکی ڕوناکی دەکەم، هەست دەکەم چۆن تیشکەکانی شانۆ جەستەی پیرم بەتەواوەتی پیشانی بینەرنادەن ئاواش هەست بە ونبون و لە ناوچونی خۆم لەم شانۆ کۆن و تاریکەدا دەکەم، هەربۆیە بە دەنگی بەرز هاوار دەکەم و دەڵێم بۆخاتری خوا ئێوە لەکوێن؟"
ئەمە فەلسەفەی چیخۆفە بۆ پرسیارکردن لەو ئەکتەرەی کە ڕوناکی سەرتەختەی شانۆ لێی دەدات، ڕوناکیەك لە ماوەی چل وپێنج ساڵی بەردەوام لە نواندنی ڕاستگۆیانە لە سەر تەختەی شانۆ توشی دوبارەکردنەوەو یەئس و دڵشکانی کردوە، ڕۆژێکیش دێت ئەو ڕوناکیەی ناو هۆڵەکانمان دێتە قسەو بە غرورێکی زۆرەوە بەو ئەکتەرانەی ئێمەش دەڵێت "ئیدی جارێکی تر تیشکەکانم بەو گەشیە نادەم لە جەستەتان، چونکە ئێوە لە بەردەم تیشکی من و لە تاریکیشدا یەك ڕوخسارتان هەیە!"
تیشکی ڕوناکی شانۆکانی ئێمەش بۆ ئەو ئەکتەرانە خامۆش دەبێت کە لەسەر تەختەی شانۆوە پەیامی خۆشەویستی دەنێرن بۆبینەر، بەڵام خۆیان دوای نمایش پڕن لە ڕق، بۆئەو ئەکتەرانە خامۆش دەبێت کە لەبەردەم تیشکی ئەودا بە بەرگی هاملێتەوە دیالۆگی وجودیانەی (هەبم یان نەبم) دەڵێن بەڵام هیچ پرسیارێك لە بونی خۆیان ناکەن، تیشکی ڕوناکیەکانی تەختەی شانۆ ئێستا لە یاخی بوندان و پێمان دەڵێن ئەو ئەکتەرانەتان کە بەدوای کارەکتەری (میلۆس و دیلاو شالیرو نوراو سالیریی وفلادیمێروستۆکمان و توبی) دا دەگەڕێن ونازانن شکسپیرو ئارابال و بیکێت و پۆشکین کێیە؟ ئەوانە توتین نەك ئەکتەر، ئەوانە ئەهلی جەهلن نەك نمایش، بۆیە ئیدی ڕوناکیەکانی خۆمان خامۆش دەکەین و جەستەی ئەوان تاریك دەکەین.
گەر ڕوناکی لە ژیانی ڕۆژانە یەکێك بێت لەپێداویستیە زۆر گرنگەکان، ئەوا لەسەر تەختەی شانۆ ئاماژەیەکی قوڵە لە بونی پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەزی زۆر سەرەکی شانۆ کە ئەویش (ئەکتەر.....بینەر) ە، خامۆش بونی ئەو تیشکە، خامۆش بونی ئەو پەیوەندیەیە کە لە بنەڕەتدا ئەم هونەرەی لەسەر وەستاوە، ئایا تائێستا کەس بیری لەوەکردوەتەوە کە ئەو تیشکە ڕوناکیانەی

سەرەوەمان خامۆش بوون و هیچ بینەرێك جەستەمان نابینێت؟ ئەوەشی تا ئێستا بۆ ئەو بینەرەی نمایش دەکەین لەبەردەم تیشکێکی خامۆشدایە، باجارێك لە پڕۆڤەدا ئەو بەرگە ساختەی خۆمان فڕە بدەین و حەقیقەتی خۆمان لەسەر ئەو تەختە خامۆشە بۆ تیشکەکان دەرخەین، بزانین تیشکەکان گۆڕانی بەسەردا دێت یان هەروا خامۆشە؟ ئەمە ئەزمونێکە لە ڕاهێنانەکانی ستانسلافسکی بۆ ڕۆڵبینین بۆ ئەوەی ڕۆڵی کارەکتەرێك بەرجەستە بکەین پێویستە دوو ڕوی کارەکتەرەکە ببینین، ڕووی دەروەوە، ڕوی ناوەوە، تیشکی ئەو ڕوناکیەش ناوەوەی مەبەستە، لە ئێستاوە لە پڕۆڤەو ڕاهێنانەکانمانەوە با بەدوای نمایشکردنی ناوەوەداین بۆ تیشکی ڕوناکیەکانی شانۆ با بزانین بینەر هەستی پێدەکات و حەقیەقەتی جەستەمان وەك خۆی دەبینێت؟

گۆشەیەکی تایبەتە کامەران سوبحان دوو هەفتەجارێك بۆئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ دەینوسێت
kameransubhan@yahoo.com